# کۆنگرەی ئازادی عیراق،کۆڕێکی لەگەڵ سیماو کەسایەتی ناوچەی العوایضة گرێدا ،دەربارەی کارەساتە خوێناویەکانی ئەم دواییانەلە بەغدا

ناوەندی هەواڵی معا:بەغدا 2006/11/26

نیوەڕۆی ڕۆژی 26ی مانگی 11 ،ڕابەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عیراق ،کۆڕێکی جەماوەری ڕیکخست ،لە بارەگای ناوەندی خۆیدا لە العیواضیة،کە زیاتر لە 50لەکەسایەتی و سیمای ئەوناوچەیە ئامادەی بوون. قاسم هادی ئەندامی بیرۆی ڕپەڕاندن وسامی حسن ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی کۆنگرە و رائد سالح بەرپرسی هێزی ئەمان لەبەغدا قسەیان کرد.

ڕابەرانی کۆنگرە ئاماژەیان بەشەڕی تایەفی کرد،و تاکە ڕێگا چارەش بۆ ڕێگە گرتن لە باندە تایەفی یەکان ،ڕیز بەستنی جەماوەری عیراقە شان بەشانی یەکتر وکۆبوونەوەیە لە دەوری ئاڵای کۆنگرە وڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیانە لە هێزی ئەمان لەناوچەکانی خۆیان.وەلەسەر خەڵکی ناوچەکە پێویست دەکات بۆ گواستنەوەی ئەم تاقی کردنەوەیە بۆ ناوچەکانی ترلە بەغدا وپاککردنەوەی ناوچەکان لە باندە تایەفی یەکان.

کەش وهەوای کۆڕەکە پڕبوو لە شۆڕو شەوقی ئامادەبوان و ئامادەیی خۆیان بۆ دەست بردن بۆ هەمووکارێک ڕاگەیاند کە دەبێتە هۆی بن بڕکردن و ڕێگەگرتن لە دزەکردنی باندەکان بۆ ناوچەکان.